# سەرکەوتنمان لە چەسپاندنی مافی چارەی خۆنووسیندایە
# لەدەستوری هەمیشەیی عێراقدا

عارف کەریم ـ ستۆکهۆلم

ساڵی 1971 لە ڕۆژی عاشوورادا بەسەردان چوومە لای خزمێکم لە شاری کەربەلای خواروی بەغدا ، بەوبۆنەیەوە خەڵکێکی زۆر ڕژابوونە ناو کۆڵان و شەقامەکان ، ئێمەیش ( من و خزمەکەم ) چاومان دەگێرا و سەیری حەشاماتەکەمان دەکرد و لە پڕ لوتمان بوو بە لوتی ناسیاوێکی ئەوەوە کە پێکەوە کاریان دەکرد و بەمنی ناساند و وتی : ئەم پیاوە یاسا ناسە . ئیتر هەرسێکمان لەقەراخی شەقامەکە پێکەوە وەستابوین هەتا شەمەندەفەری خەڵکەکە هات کەبەزنجیر لەخۆیان دەدا و درووشمەکانی ئەو بۆنەیەیان دووپات دەکردەوە ، زۆری پێنەچوو ئەوەی لەگەڵ ئێمە وەستابوو ، بێ گوێدانە ئێمە ڕایکردە ناو ڕیزی خەڵکەکە و بە چەپۆک بەر بووە خۆی ! ئەم دیمەنە بۆ من شتێکی نوێ بوو کەسێکی یاسا ناس کارێکی وەها بکات ! لە خزمەکەم پرسی : ئەوە بۆ وای کرد؟ بزەیەک کەوتە سەر لێوی و وتی : سەیرکەو هەقت نەبێ ! کارەکە وەها دەروات !

---

کۆتایی هێنان بە هەڵبژاردنەکانی 30 ی کانوونی دووەمی 2005 و بەدەستهێنانی 75 ـ 77 کورسی لە کۆمەڵەی نیشتمانی عێراقدا و هەڵبژاردنی شەخسی مام جەلال بە سەرکۆماری عێراق ، سیاسەتمەدارانی عەرەب و ناوەندی ڕاگەیاندنی ئەوانی ڕاکێشاوەتە بەردەم واقیعێکی سیاسی و زەرفێکی مەوزوعی نوێ لە عێراق و ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا ، ئەوەی ئەوان چاوەڕوانیان نەدەکرد و مێژووی عێراق بە خۆیەوە نەیبینیبوو هاتەدی ، هەرچی ئەوان پێیان خۆش نەبوو بەچاوی خۆیان بینییان و ئێستا لە ناو ململانێ وبیرکردنەوەیەکی ئاڵۆزو چڕی تێکەڵوپێکەڵدا گیریان خواردوە و نازانن چۆنچۆنی مامەڵەی بکەن و لێی دەربازبن ، یان چۆنچۆنی قەبووڵی بارودۆخێکی نوێی وەکوو ئێستای عێراق بکەن و باوەشی بۆبگرنەوە .

ئەوانەی خۆیان بە دۆستی دوێنێ و ئەمڕۆی کورد دەزانن ، ڕەنگە مل بنێن بۆ بەشێکی کەم لە مافە ڕەواکانی گەلی کورد ، بەڵام ئەوەنا کە لە ڤیدرالی نەتەوەیی ، سیاسی ، جوگرافیدا خۆی دەبینێتەوە !!! ئەوانە پاش ئەو هەموو جەورو ستەم و چەوساندنەوە وخوێنڕشتن و پیاوکوژییەی لە هەشتا ساڵی ڕابوردوودا بەسەر میللەتی عێراقدا هات بە کوردو عەرەبیەوە ، کەچی هێشتا تەمێخواردوو نەبوون و دەرس و پەندیان لێوەرنەگرتووە و نەیانتوانیوە خۆیان ڕزگاربکەن لە بیری شۆڤێنی و لەو بازنە تەسکە بێنەدەرەوە کە تیایدا گیریانخواردووە ، ئەم بەشەی عەرەب وەکوو نە بایان دیبێ و نە باران و هەر خەریکی لێدانەوەی قەوانە کۆنە بەسەرچووەکانی خۆیانن و خوویان بە زاراوەی ئینفیسالییەوە ( جیابوونەوەخواز ) گرتووە و خێرا خێرا دەیکێشنەوە بە چاوی کوردا و وا دەزانن کورد لە کونە دیوار هاتۆتە دەرەوە .

هەرچی توندڕەوەکانیشە لەوانەی بیری شۆڤێنی و ئوسوڵی و سەلەفی گێژوسەرخۆشی کردوون و هەتا سەر مۆخ و ئێسقانیان هاتووە ، بە چاویلکەی ڕەش دەڕواننە ڕووداوەکان و لە خۆیان بەولاوە کەسی تریان قەبووڵ نییە ( مەگەر وەکوو میوان و بێگانە ) ، هەرچی ئەمانەیە بڕوایان بە بە نەتەوەی کورد و کێشە ڕەواکەی نییە و خاکی کوردستان بە خاکی عەرەب و گەلی عێراقیش بە هەموو نەتەوە و تایفە و کەمایەتیەکانەوە بە عەرەب لەقەڵەم

دەدەن و نایانەوێ دەستهەڵگرن لە باوکسالاری و خۆبەزلزانین و پێیان وایە مافەکانی گەلی کورد ئەوەتا لە گیرفانی خۆیاندا و کەی ئارەزوویان کرد شتێک بەشی کوردی لێبدەن .
لێرەدا من دوو نموونە دەهێنمەوە ، یەکێکیان دکتۆر عەدنان پاچەچییە و لەم ڕۆژانەدا پاش ئەوەی هیچی بە هیچ نەکرد ، دەستی دایە جانتاکەی و گەڕایەوە بۆ دەوڵەتی ئیماراتی عەرەبی یەکگرتوو ، ئەو یەکێک بوو لەوانەی بە هیچ جۆرێک بڕوای بە کێشەی نەتەوەیی کورد نەبوو ، دەیویست لە بەسرەوە هەتا زاخۆ خەڵکیی عێراقی بێت و ملکەچی بیر و فەلسەفەی ئەوبێت و لەباسی عێراق بەولاوە هیچیتر نەکات . ناوبراو خەونی دەبینی ببێتە سەرۆک کۆماری عێراق و ئێستا بە نیازە گوڕ ببەستێتەوە بۆ هەڵبژاردنەکانی داهاتوو !
نموونەی دووەمیان ( وائل عبد اللطیف ) ە ، ئەندامی کۆمەڵەی نیشتمانی عێراق و وەزیری دەوڵەت بۆ کاروباری پارێزگاکان کە ناوبەناو لە یەکێک لە کاناڵە ئاسمانییەکانەوە بیری شۆڤێنی هەڵدەڕێژێ و ڕاستییەکان دەشێوێنێ وەکوو ئەوەی گوایە دامەزراندنی سیستمی ڤیدرالی لە ئەمەریکا بیست ساڵی خایاندووە هەتا جێی خۆی گرتووە و لە عێراقیش نابێ پەلەی لێبکرێت ودەبێ هەنگاو بە هەنگاو بێت . ئەو پێی وایە کە دەبێ هەموو شتێ ببەسترێتەوە بە بەغداوە و مەرکەزیی بێت هەندێ دەسەڵاتی زیادەو ئاسانی وەکوو ( ئاو ، کارەبا ، ئاوەڕۆ ، زێراب ) ی لێدەرچێ کە دەدرێتە ئیقلیمی ئیتیحادی . ئەم زاتە هێندە عێراق پەرست و مەرکەز پەرستە ، جارێک بەدەمیا نەهات بڵێ: مافەکانی گەلی کورد ، ڤیدرالی بۆ کوردستان ، یەکێتی ئارەزومەندانەی کورد و عەرەب ، مافی چارەی خۆنووسین بۆ کورد ، نەتەوەی کوردو عەرەب لە عێراقدا ......هتد !!
بێگومان ئێمە هەموومان ئەو ڕاستییە دەزانین کە خەڵکانی لەم بابەتە ، بە چاوێلکەی خۆیان دەڕواننە گۆڕەپانەکەو دنیای سیاسەت و کێشەی کورد ، بەڵام بەرامبەر بەمە ئەوانیش دەبێ هەق بدەنە کورد کە ڕەقیی بنوێنێ بۆ ئەوەی کەللەیان نەرم ببێ و قەناعەت بکەن !!!
بەم بۆنەیەوە پێویستە سەرکردایەتی کوردستان بیر لەوە بکاتەوە سەکۆیەکی ئازادی هاوبەش بێنێتە مەیدان لە گۆڕەپانی ڕاگەیاندنی کوردیدا بۆ بە گژا چوونەوەی بیری شۆڤێنی عەرەب بە شێوەیەکی زانستانە لە ناوەوە ودەرەوەی عێراق . مەبەست لە سەکۆئازادەکە ئەوەیە ، لە پێشاندا سەرکردەی حزبەکان خۆیان قسە بکەن ئینجا دۆست و برادەرەرەعەرەبەکانمان لێرە و لەوێ و دواتر کەسانی بێلایەن و شارەزا کە پسپۆڕن لە بوارەکانی سیاسەت ، یاســا ، ئابووری و گەلێکی تر .......
بێگومان فاکتەرە ئایینیەکان ، پەیوەندییە خێڵەکییە دواکەوتووەکان کە گۆڕان و گەشەکردنی ئابووری گەورەی بەخۆیەوە نەبینیوە ، ڕەنگدانەوەی خۆیان هەیە لەسەر شێوەی پەروەردە و بیرکردنەوەی دانیشتوانی عێراق و هێشتنەوەی ئەوان لە بازنەیەکی داخراوی گەشەنەکردوودا کە هەتا ئێستاش کلتوورێکی کردۆتە پاشکۆی خۆی کە عەقلی دواکەوتووی کۆنەپەرست بەرهەم دێنێ و ناتوانێ بە ئاسانی لیی ڕزگاربێت ، ئەو عەقڵەی پەیرەوی داب و نەریتی تیرەو هۆز و خێڵ دەکات ، ددان نانێت بە دەقێکدا کە ملکەچی ڕەخنە ودیراسە و لێکۆلینەوە بێت و سەیرکردنیان بۆ دنیا لە ڕوانگەی ئایدیۆلۆژیاو بیری تەپوتۆزلێنیشتووی سەردەمێکی ئێجگار کۆنەوەیە کە باوی نەماوە و بە سەرچووە ، بەڵام لای ئەوان هەتا هەتاییە و گەڕانەوەی بۆ نییە .
ئەوکاتانەی ئایین وەکوو چەکێکی دیماگۆگی بەکار هاتووە بۆ شێواندنی ڕاستییەکان و تێکدانی پەیوەندییەکانی نێوان ئیسلام و ( ڕاستییە مێژووییەکان ، کێشە سیاسی و نەتەوەییەکان و ڕژێمی سیاسی لە عێراقدا ) ناکۆکییەکانی نێوان کورد و بەرامبەرەکەی خەست و توندو تیژ بوونەتەوە و گرفت و کێشەی زۆری لەگەڵ خۆی هێناوەتە مەیدان .

عەقڵێکی سیاسی وەها دواکەوتوو کە هیچ زانیارییەکی پێنییە لەسەر میللەتان و نەتەوەکان و شۆڕش و ڕاپەرینەکان و وڵاتانی داگیرکەرو شەڕخواز و مەسەلەی ئاشتی و مافی مرۆڤ و ....هتد چۆنچۆنی کێشەی میللەتێکی وەکوو کوردی پێ قووت دەچێ و ددانی پێدا دەنێت ؟

سەرکردایەتی کوردستان لە ئێستاوە تا ڕۆژی نووسینەوەی دەستوور بەرەوڕووی گێرمەکێش و تەشقەڵەی زۆر دەبێتەوە و ئەگەر بێتو هەنگاوەکان و کردارەکان لە ئاستی پێداویستییەکانی ئەم قۆناخەدا نەبن و بازبدەن بەسەر مەسەلە چارەنوسسازەکاندا و بیدەنە دەست قەدەر و جێی بهێڵن بۆ دوای نووسینەوەی دەستوور ، ئەوا بە دڵنیاییەوە دەڵێم کە گەلەکەمان دووچاری گرفت و کێشەی گەورە گەورە دەبێت و دواتر دوای نووسینەوەی دەستوور کورد هەر شتێک بڵێت ، پێی دەڵێن تۆ گەڕی بارە ترێ دەکەیت و کێ زۆریلێکردن دەستوور ئیمزا بکەن ؟!!

ئەمڕۆ کورد دوو سەرکەوتنی گەورەی سیاسی و دیپلۆماسی بەدەست هێناوە ، یەکەمیان بەشداریکردنی بوو لە هەڵبژاردنەکان و گێرسانەوەی لە لیستی دووی سەرکەوتن و بەدەستهێنانی 75ـ 77 کورسی لە پەرلەمانی عێراقدا. دووەم هەڵبژاردنی بەڕێز مام جەلال بوو بۆ سەرۆک کۆماری عێراق کە یەکەمجارە مێژووی عێراق شتێکی وەها بە خۆیەوە دەبینێ و کوردێک ئەو پۆستە وەردەگرێت . دەستکەوتی دووەمیان چەند شانازی پێوەبکرێت و چەند زەماوەندی بۆ بکرێت ، کەچی هێشتا دەستکەوتی نەتەوەیی نییە و ئەوەی وەها بانگەشەی بۆبکات ئەوا خۆی تووشی هەڵەیەکی سیاسی گەورە دەکات بەڵام ( بەو مانایە نا ڕێزی لێ نەگیرێت و حسابی بۆ نەکرێت ! پێشتر باسی ئەهمیەتی ئەو پۆستەم کرد ) . ئەرکی سەرشانی سیاسەتمەدارو ڕەوشەنبیرو ڕاگەیاندنی کوردییە کە جەماوەری گەلەکەمان هوشیاربکەنەوە و دەسنیشانی مافە نەتەوەییەکانی گەلەکەمانیان بۆ بکەن و نەوەیەکی چەکدار بە زانست و زانیارییە جۆراوجۆرەکان گۆش بکەن تا جڵەو بگرنە دەست لە دوارۆژدا . با شایی و زەماوەندو سەیران و گەڕان نەبێتە پیشەو کاری ڕۆژانە!!!!! بیرکردنەوە لە داهاتوو زۆر گرنگە بۆ گەلەکەمان .

هەر دەربارەی ڕاگەیاندن پێویستە پێویستە لێرەدا ئێستێک بکەم و ئاماژە بە خاڵێکی گرنگ بکەم ، ئەویش ئەوەیە هەندێ جار ڕاگەیاندنی هەردوو ئیدارەکە هێندە لە سنووری خۆیان دەچنەدەرەوە و ترش و خوێی هەواڵەکان دەکەن کە لەتام دەردەچێ ، بۆ نموونە ڕۆژی نەورۆز 21 ی ئازار ، سەرۆکی ئەمەریکا بەگشتی پیرۆزبایی جێژنی نەورۆزی لە گەلانی عێراق و ئێران و ئەفغانستان کرد ، دوای ئەمە هە ئەوەندەمان زانی ڕاگەیاندنەکانی هەردوو یەکێتی و پارتی ( کوردسات ، کوردستانی نوێ ، کوردستان تی ڤی ، خەبات ) بە خەستی کەوتنە پیاهەڵدانی سەرۆک جۆرج بۆش گوایە پیرۆزبایی جێژنی نەورۆزی لە گەلی کوردستان کردووە ، ئەمە لە کاتێکدا بۆش ناوی کوردی نەهێنا ، بەڵام دوای هەڵبژاردنی مام جەلال بە سەرۆک کۆمار ، هەردو سەرۆک بۆش و وەزیری بەرگری رامسفێلد پیرۆزبایی خۆیان پێشکەش کرد و پشتگیرییان لەو کرد کە دەهێنێ باس بکرێت و ڕێزی لێ بگیرێت . بۆیە پێویستە لێرەدا بڵێم کە ڕەوشەنبیری کورد ، ئەوانەی لە بەشی ڕاگەیاندن کاردەکەن ، دەبێ ئاگایان لە خۆیان بێت و سنووری خۆیان نەبەزێنن و دانەبەزنە ئاستێکی نزمی ڕاگەیاندن چونکە بینەر بەتەنها دانیشتوانی کوردستان نین ، جگە لەوە نە ئەمەریکا و نە سەرۆک بۆش کە ڕەنگە200 ساڵ لە پێش ئێمەوە بن پێویستیان بەو پیاهەڵدانە نییە و بڕواشیان پێی نییە ، بڕوایشم نییە ڕۆژێک لە ڕۆژان گلەیی لە کورد بکەن لە سەر ئەو پیاهەڵدانە کە لای ئەوان بەسەرچووە . ڕاگەیاندن هەقی هەیە لە زەرفی تایبەتی جەنگ و کارەساتی گەورەدا یاری بە هەواڵەکان بکات لەبەر ورەی خەڵکیی ، بەڵام لە کەشوهەوای سیاسی وەکوو ئەمڕۆدانا !

کارکردن بۆ چەسپاندنی مافەڕەواکانی گەلەکامان لە دەستوری هەمیشەیی عێراقدا دەبێ لە چەند قوڵێکەوە بێت ، لەلایەک یەکخستنەوەی هەردوو ئیدارەکەیە کە ئەهمیەتی سیاسی خۆی هەیە بۆ بەهێزکردنی گوتاری سیاسی کورد و پیشاندانی یەکێتی و برایەتی ریزەکانی کورد لای گەلی عێراق و حزبە سیاسیەکانی گۆڕەپانەکەو ڕای گشتی عەرەب ، هەروەها بەگەرخستنەوەی پەرلەمانی کوردستان بۆ ئەوەی دەست بە کارەکانی بکات کە ئەرکێکی نیشتمانی و نەتەوەییە و لەو ڕێگایەوە کورد دەتوانێ بۆشایی سیاسی نەهێڵێ و پەرلەمانی کوردستانیش بە ئەرکە مێژووییەکانی هەڵسێ ، بە تایبەتی ئەوەی پەیوەندی بە نووسینەوەی دەستورەوە هەیە کە دەبێ ئەمان پێش وەخت وتەی خۆیان هەبێ . جگەلەمانە پێویستە شاندی کورد و نوێنەرانی کورد لە شاری بەغدا بە سەرۆک کۆماریشەوە زوو زوو چاویان بەیەک بکەویت و لە پەیوەندیەکی بەردەوامدابن لەگەڵ یەک ، هەروەها لەگەڵ ژمارەیەکی چاک لە پسپۆرو شارەزایانی کوردستان لە بوارە جیاجیاکاندا بۆ گۆڕینەوەی زانیاری و بیروڕا لەسەر مەسەلە چارەنوسسازەکان و ڕاوێژکردن بە یەکتری لە پێناوی یەکخستن وسەرخستنی بیرو بۆچوونەکان و چەسپاندنیان لە دەستوری هەمیشەییدا ، ئەگەر سەرکردایەتی کورد فێری ئەوە نەبێت ڕاوێژ و پرس بە خەڵکی کوردستان بکات و ڕوون و ئاشکرا ( شەفاف ) قسەبکات ، مانای ئەوەیە ناشتوانن زەمینەخۆشبکەن بۆ نەهێشتنی بۆشاییەکانی نێوان خۆیان و جەماوەری کوردستان کە ناکۆکی و ململانێی لێدەکەوێتەوە . ئەگەر ئەوان پشت ئەستوورن بە بنەماکانی دیموکراتی و مافی مرۆڤ ئەوا دەبێت ڕێگەبدەن کە ڕای گشتی دروست ببێت لە کوردستاندا نەک تەنها گرەو لەسەر پێشبرکێ و ڕێکخستنە حزبیەکان بکەن ، هەرکاتێک ئەوان سەرکەوتوبون لەم کارەدا کە بە یەکێک لە کۆڵەکە گرنگەکانی دیموکراسی دەناسرێ ، ئەوە مانای ئەوەیە سەرکەوتوش دەبن لە نزیککردنەوەی شەقامی کوردی لە خۆیان .

شانبەشانی یەکخستنەوەی ڕیزەکان و دارشتنی گوتاری سیاسی یەکگرتووی کورد ، سەرکردایەتی کوردستان دەبێ پێدابگرێت لەسەر مەسەلە چارەنوسسازەکان و ئەوە بداتەوە بە چاوی لیستەکانی بەرامبەردا کە عێراق لە دوای ڕوخانی ڕژێمی سەددام ، وڵاتێکی داوەشاو و هەڵوەشاوەیە و کەس حاکم نییە و نابێ بەئارەزوو مەرجی نابەجێ و ناڕەوا لەلایەن لیستەکانی ترەوە لەسەر کورد دابنرێت سەبارەت بە بنیاتنانەوەی عێراق ، چونکە لەم عێراقەدا کەس برای گەورەو باوکسالار نییە ، کەس بۆی نییە بریار بۆ ئەویتر بدات و هەقی بداتێ ، ئەوەی داوای بنیاتنانەوەی عێراق لە کورد بکات ، لە پێشاندا دەبێ ڕێزی هەبێ بۆ تەواوی مافە ڕەواکانی گەلی کورد بە مافی چارەی خۆنووسینیشەوە ، دەبێ ددان بەو ڕاستیانەدا بنێن کە کوردستان بەپێی ڕێککەوتننامەی ( سایکس بیکۆ ) ی نێوان فەرەنسا و بەریتانیا ، بە زۆر لکێنراوە بە عێراقەوە کە هەشتا ساڵ خوێنی لێڕۆیشت ، دەبێ ئەو ڕاستییە بزانن کە نوێنەرانی کوردو عەرەب پێکەوە سەرلەنوێ عێراق بنیات دەنێنەوە و دەستوری نوێی بۆ دادەڕێژن و کەس بە خێری خۆی هەق نابەخشێتەوە بەسەر ئەوی تردا .

بەبڕوای من ئەگەر ئەمەریکا و هێزی هاوپەیمان ڕێگر نەبن و فشار نەخەنە سەر پارتی و یەکێتی ، ئەوا خەتاو تاوانێکی گەورەیە بۆ شاندی کوردستان بکەونە سازشکردن لەگەڵ لیستەکانی تردا و بازبدەن بەسەر مەسەلە چارەنووسسازەکانی وەکوو ( مافی چارەی خۆ نووسین ، سنووری کوردستان ، بەلاداخستنی کەرکوک وەک شارێکی کوردستان ، گێرانەوەی ناوچە دابڕاوەکانی تر بۆ سەر هەرێمی کوردستان ، شەریکایەتی کوردو عەرەب لە عێراق ، شێوەی حوکم لە عێراقدا ، دابەشکردنی سەروەت وسامانی وڵات بە پێی ڕێژەی دانیشتوان ، مانەوەی

هێزی پێشمەرگەی کوردستان ، دیاریکردنی مافی چارەی خۆنووسین لەدەستوردا ، ڕاپرسی گشتی هەر سێ ساڵ جارێک ، زوبانی کوردی وەکوو زوبانێکی ڕەسمی و گەلێکیتر )

ئەو ڕێککەوتنەی لەم ڕۆژانەی پێشوودا لە نێوان لیستی ئیئتلاف و هاوپەیمانی کوردستان مۆرکراوە کەموکوڕی پێوە دیارە و پێویستی بە پیاداچوونەوە هەیە ، ئەگەر بە تەوافوق کراوە ئەوا کورد غەدری لێکراوە ! لەبەر ئەوەیە کە نابێ سەرکردایەتی کورد بێدەنگەی لێبکات بۆئەوەی زۆر شتی گرنگ و حەساس بەسەریدا تێنەپەڕێ ، بۆ نموونە ڕۆژی 03/16 ( ڕۆژی کیمیابارانکردنی هەڵەبجە ) ، تەرخان کرا بۆئەوەی کۆمەڵەی نیشتمانی عێراق یەکەم کۆبوونەوەی خۆی دەست پێبکات ، بەڵام سێ شتی گرنگ بەسەر کوردا تێپەڕی کە نەدەبوو وابوایە :

یەکەم / دەقیقەیەک وەستان بوو بۆ گیانی پاکی شەهیدانی هەڵەبجە و کوردستان و عێراق کە نەکرا .

دووەم / ئاڵای کوردستان نەدەبینرا لە هۆڵەکادا کە دەبوایە هەڵواسرایە و تەحەدای ئاڵاکەی سەددامی پێبکرایە.

سێیەم / خوێندنەوەی تەواوی وتارەکە بە کوردی ، یاخود وەرگێرانی لە عەرەبییەوە بۆ کوردی .

ڕەنگە هەبێ و بڵێ : بابە ئەوانە شتی سەرەکی نین و پێویست ناکات کێشەی لەسەر درووست بکەین ! منیش دەڵێم ئەوانە زۆر گرنگن و زۆر کەللەسەری شۆڤێنی نەرم دەکات و مەشقی سیاسیشیان پێدەکات بۆ شتی گەورەتر. ئەگەر برادەرانی عەرەب بەڕاستەقینە دۆستی کوردن ! بۆچی دەبێ لەو سێ خاڵەی سەرەوە بترسن .

ئەرکێکی تری ئەم قۆناخە کە دەکەوێتە ئەستۆی سەرکردایەتی کورد بریتییە لە خۆئامادەکردن بۆ هەڵبژاردنی داهاتوو بەمەرجێک لە ئێستاوە بە پێی بەرنامەیەکی چڕوپڕو تایبەت کاری بۆ بکرێت ، لەلایەک بۆئەوەی کارەکان دوانەخرێن بۆ ڕۆژانی دوایی و کەسیش نەکەوێتە پەلەپەل ، لە لایەکی تریش بۆ پڕکردنەوەی هەموو کەموکوڕی و بۆشاییەکانی هەڵبژاردنی ڕابوردوو ، هەوەها دەرگا داخستن لە ڕووی هەموو ساختەو فڕوفێڵێک ، تاوەکوو کەس بێبەش نەبێت لە بەشداریکردنی هەڵبژاردن و هەڵەکانی پێشوو دوپات نەبنەوە چونکە جاری پێشوو ژمارەیەکی زۆر لە هاوڵاتیان نەیانتوانی دەنگ بدەن کە دەبێ لەئێستاوە ناو ەکانیان ڕاستبکرێنەوە و هەقیان بۆ بکرێتەوە .

هەر بەبۆنەی خۆئامادەکردن بۆ هەڵبژاردنەکان و یەکخستنی ڕیزەکانی گەلی کورد پێویستە سەرکردایەتی کورد بە جدی ئاور لە برا فەیلیەکان بدەنەوە و نەیانخەنە پەراوێزەوە ، چونکە ئەوان چین و توێژێکی فراوانن لە عێراقدا و بەشێکی گەورەی دانیشتوانی گەلەکەمان پێکدێنن بەتایبەتی لە شاری بەغدا . بەستنی پەیوەندی توندوتۆڵ و هاوکاریکردنیان ئەرکێکی گەورەی نیشتمانییە و دەبێ حسابی تایبەتی بۆ بکرێت و لە ئێستاوە کاری بۆ بکرێت بۆئەوەی نەکەونە ناو لیستی تر و لەملاولەولا خۆیان ساخ نەکەنەوە .

جاری پێشوو شەخسی مام جەلال برا فەیلیەکانی خوێندەوەو بە پیریانەوە چوو کە هەنگاوێکی دۆستانەو ئیجابی باش بوو بەڵام ئەگەر زووتر بوایە لەوانەبوو کەڵکی زیاتر بوایە .

عارف کەریم ــ ستۆکهۆڵم

2005/04/19